# دەمانەوێ ڕێکوپێکی بۆ سوید دابین بکەین – چونکە سوید لەوە باشتری لێدەوەشیتەوە. زۆر باشتر.

سویدێک هەیە کە لەوێدا وشەی دابڕانی کۆمەڵایەتی ئیتر بووە بە مێژوو، چوونکە ئیتر هیچ ناوچەیەکی لە کۆمەڵگا دانەبڕاوە. سویدێک بەبێ توندوتیژیی گروپەکانی تاوانکاری و دەسەڵاتی خێڵایەتی، کە یاسا و یەکسانی هەموو کەسێک دەگرێتەوە.

وڵاتێک کە کاتێک تەلەفۆن بۆ پۆلیس بکەیت دێت و لەکاتی گرنگدا پاشەکشە ناکات. وڵاتێک کە قوربانییان نەک تاوانباران، قەرەبوو دەکرێنەوە و پارەی پێبژاردنی زیان وەردەگرن. وڵاتێک کە کاتێک لە دەرەوە دەڕۆیت هەست بە دڵنیایی دەکەیت چونکە تاوانباران لە .بەندیخانەدان

سویدێک هەیە کە هەموو منداڵان دایکوباوکەکانیان دەبینن کە دەچنە سەر کارەکانیان. لە وڵاتێکدا کە هەمیشە کارکردن لە وەرگرتنی یارمەتیی دارایی زیاتر دەریدەهێنێت -- کە کار و زەحمەتکێشان هەمیشە سەردەکەوێ بەسەر فێڵکردن و بیانووی خراپەوە، و وڵاتێک کە تۆڕی .پارێزەی سیستەمی خۆشگوزەرانی بۆ ئەو کەسانەیە کە پێویستیان پێیەتی

سویدێکە کە قوتابخانە شوێنێکی دڵنیایە بۆ زانست و گەشتی گەشەسەندنی چینایەتییە. لە وڵاتێک کە هەموو منداڵان لە سەرەتاوە زمانی سویدی باش فێر دەبن. شوێنێکە کە منداڵان و دایکوباوکان ڕێگەیان پێدراوە بۆ خۆیان قوتابخانە هەڵبژێرن، و تەنانەت یەک خوێندکار .بەگوێرەی پشک شوێنی بۆ دابین ناکرێ یان بە زۆرەملی سواری پاس بکرێت

سویدێکە کە کەس لە کردنەوەی فاکتورەی کارەباکەی تووشی دڵەڕاوکێی نەبیت. وڵاتێک کە ئەگەر ویستت بە ئۆتۆمبیل منداڵەکانت بگەێنیتە مەشقی فوتباڵ یان فێرگەی مۆسیقا، بەبێ گوێدانی ئەوەی کە ئایا ئۆتۆمبیلەکەت بە بەنزین یان کارەبا کاردەکات، بتوانی بە .ئۆتۆمبێلەکەت بیبەیت

ئەمە سویدێکە کە بە وزەی ئەتۆمیی دۆستی کەشوهەوا کارەبای پاک و جێگیر و هەرزان دابین دەکات و دوا وێستگەی کارەبا کە بە نەوت کاردەکات لەکارخراوە. وڵاتێک کە تاوانکارانی ژینگە دەبێت بەرپرسیاریەتی هەڵبگرن، بەڵام کاتێک تۆ بازاڕکردنی هەفتانەت .ئەنجام دەدەیت لانیکەم بۆت بلوێت کیسەیەکی پلاستیکی بەکاربهێنیت

ئەم سویدە لە بەردەستدایە -- تەنها ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئیرادە و وزەیە بۆ ئەو شتانەی کە .پێویستن. حیزبی مۆدێرات هەم ئیرادە و هەم وزەیان هەیە

**بەم شێوەیە ڕێکوپێکی بۆ سوید دابین دەکەین**





**بەم شێوەیە دڵنیای لە سوید دابیندەکەین:**

- زیاتربوونی پۆلیس و زیادکردنی مووچەی پۆلیس و مووچەی فێرکاریی پۆلیس
- دەسەڵاتی زیاتر بۆ پۆلیس، وەک "ناوچەی پشکنین" بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی زیاتر
- شایەتحاڵانی بێناو، بۆ ئەوەی خەڵک بوێرن شایەتحاڵی دژی تاوانباران بدەن
- دیپۆرتکردنەوەی ئەو هاوڵاتییە بیانیانەی کە تاوانی گەورە لە سوید ئەنجام دەدەن.
- سزای توندتر، هەڵوەشاندنەوەی داشکاندنی کۆی سزا و هەڵوەشاوەی داشکاندنی سزا بۆ تاوانبارانی سەرووی 18 ساڵ

**بەم شێوەیە دەرفەتی کار دابین دەکەین:**

- کەمکردنەوەی باج لەسەر کار، بەتایبەتی داهاتی کەم و مامناوەند
- سنورێکی سەروو بۆ بڕی دەرماڵە؛ بە جۆرێک کە هەمیشە کارکردن لە وەرگرتنی یارمەتیی دارایی زیاتر دەربیهێنێت
- مەرجی ئەرکنواندن بەرانبەر بە وەرگرتنی کۆمەک بۆ ئەو کەسانەی کە دەرماڵە وەردەگرن
- کەمکردنەوەی باج لەسەر خانەنشینی – دەبێ بۆت دەربیهێنێت کە پێشتر کارت کردبێت
- سەرژمێریی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تاوان و دابرانی کۆمەڵایەتی

**بەم شێوەیە ئابووری ڕێکوپێک دەکەین:**

- نەخێر بۆ باج لەسەر موڵک و تێچووی تر لەسەر ماڵباتەکان
- کەمکردنەوەی باجی بەنزین و دیزڵ
- کەمکردنەوەی باجی پاشەکەوتکردن (هەژماری پاشەکەوتی وەبەرهێنان، ISK )
- باشترکردنی مەرج و کەمکردنەوەی کێشەی ڕێسایی بۆ کۆمپانیاکان
- ڕێکوپێکی لە دارایی گشتیدا



**بەم شێوەیە کەشوهەوا و دابینکردنی کارەبا ڕێکوپێک دەکەینەوە:**

- وەبەرهێنان لە وزەی ئەتۆمی نوێدا – بەڵێ بۆ سووتەمەنی بەبێ فۆسیل، نەخێر بۆ گاز و نەوتی ڕووسیا
- گواستنەوەی پاک لەرێگەی وزەی کارەبا و ژێرخانی بارگاوکردنی کارەبا بۆ ئۆتۆمبیل
- بەهێزکردنی دەرفەتەکانی پیشەسازی بۆ خۆگونجاندن و هەناردەکردن بە شێوەیەک کە شوێنپێی کاریگەریی کەشوهەوا کەم بێت
- زیادبوونی یارمەتییەکانی کەشوهەوا
- هاوکاری نێودەوڵەتی، لە سەرووی هەموو شتێکەوە لەنێو یەکێتی ئەوروپادا

**بەم شێوەیە ی یەکپارچەبوونی کۆمەڵگە ڕێکوپێک دەکەینەوە:**

- توندوتۆڵکردنی کۆچ، و دیپۆرتکردنەوەی ئەو کەسانەی کە مۆڵەتی بوونیان لە سوید نییە
- ڕێبازێکی ڕوونی کارکردن و مەرجی ئاست بەرز پۆ فێربوونی زمانی سویدی
- "بێژەنگکردنی" زمانی لە بنکەی چاوەدێریی منداڵان (BVC) و پێشقوتابخانەی زمان بە ناچاری
- قەدەغەکردنی هاوسەرگیریکردن لەگەڵ ئامۆزا، و سزای توندتر بۆ توندوتیژی و ستەمکاری پەیوەست بە ناموس
- قەدەغەکردنی دادگاییکردنی خێڵی و یەکەکەیەکی تایبەت بە خێڵ لەناو پۆلیسدا

**بەم شێوەیە قوتابخانە ڕێکوپێک دەکەینەوە:**

- گرنگیدان بەو زانیارییانەی کە پێوانەکراو بن و کاتێکی زیاتری وانەوتنەوە
- دەسەڵاتی ڕوونتر پۆ مامۆستایان و بەڕێوەبەران بۆ پاراستنی ئارامی و ریکوپێکی
- داکۆکیکردن لە هەڵبژاردنی قوتابخانەی ئازاد، بەڵام بەرەنگاربوونەوەی ئەکتەرە ناپاکەکان و فێڵکردن
- ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوە نیشتمانییەکان بە شیوازی ناوەندی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەڵاوسانی نمرە
- راگرتنی دابینکرنی شوێن بۆ خوێندکار بەگوێرەی پشک و بە پاس سوارکردنی منداڵان بۆ قوتابخانە خراپەکان